

# مەریوان وریا " نابێت بیرمان بچێت ئەو توندوتیژییەی لە ڕاپەڕیندا ڕوویدا، دواتر بووە ئەو توندوتیژییەی لە شەڕی ناوخۆدا گوزارشتی لەخۆی کرد. "

دیداری یاسین عومەرو مەریوان هەڵەبجەیی - فۆتۆ: جولیا

**● لەم بەشەی چاوپێکەوتنەکەماندا ڕۆشنبیر مەریوان وریا قانیع باس لە دۆخی پاش گەڕانەوە بۆ ناو شارو تەسلیمبوونەوە بە ڕژێمو ئازارەکانی ئەو حاڵەتە دەکات. هەروەها چیرۆکی بوون بە سەربازو بەدەستهێنانی ماستەرەکەی لە زانکۆی موستەنسڕییە دەگێڕێتەوە. دواتر بە درێژی باس لە چرکەساتەکانی ڕاپەڕین دەکاتو چەند لایەنێکی شاراوەی ژیانی خۆی لەو ساتەوەختانەدا دەخاتەڕوو.**

**لڤین: پاش ئەوەی لە شاخ بێئومێد دەبیت دەگەڕێیتەوە ناوشار، هەستی تۆ پاش ئەو گەڕانەوەیەت چۆن بوو؟**

**مەریوان وریا:** ئەو ڕۆژەی تەسلیم بوومەوە، شەوەکەی هەتا بەیانی خەوملێنەکەوتو گریام، لەماڵی هاوڕێیەکم بووم لە تووی مەلیك. دیارە من کە تەسلیم بوومەوە وەك سەربازێکی هەڵاتوو خۆم تەسلیمکردەوە نەك وەك پێشمەرگەیەك. ئەوەی کە لەو تەسلیمبوونەوەیەشدا زۆر ناخۆش بوو ئەوە بوو، پیاوێکم بینی هاتبوو خۆی تەسلیمدەکردەوەو کلاشینکۆفێكو دەمانچەیەكو ئەلبومێکی لەگەڵ خۆیدا هێنابووەوە. ئەو ژوورەی کە تیایدا پرسیاریان لێدەکردین دوو مێزی تیا بوو، ئەو پێشمەرگەیە لە مێزەکەی پاڵ ئەو مێزەدا پرسیاریان لێدەکرد کە منی لێبووم. ئەفسەرەکە لە منی پرسی: تۆ چی بوویت؟ وتم: سەربازی هەڵاتوو بووم. وتی: لەکوێ بوویت؟ وتم: لە دێی مامەخەلان بووم، لەگەڵیشیدا ناوی چەند گوندێکی ترم هێنا. ئەفسەرەکە وتی: پەیوەندییت بە پێشمەرگەوە هەبوو؟ من وەڵامدایەوە: نەخێر. وتی: ئەی دەتبینین، منیش وتم: بەڵێ جارجارێك دەمبینین. ئەی کەسیانت دەناسی، ئەفسەرەکە پرسیو منیش وتم: نەوەڵڵا لەکوێ بیانناسم. ئیتر پرسیارگەلی لەو جۆرەی دەکرد. بەڵام ئەو پێشمەرگەیەی پاڵم کە دەمانچەو کلاشینکۆفەکەی لەگەڵ خۆیدا هێنابووەوە، ئەلبومێکییشی لەگەڵ خۆیدا

هێنابووەوەو وێنەی پێشمەرگەکانی پیشاندەدان‌و پێیدەناساندن‌و باسیدەکردن، من بە ئەمە زۆرزۆر تێکچووم، ئەوەندەم پێناخۆشبوو مەپرسە. ئاخر من‌و ئەو هەردووکمان تەسلیمدەبووینەوە، هەردووکمان یەك مافمان هەبوو، هەردووکمان لە یەك شت هەڵاتبووین، دەیتوانی ئەوە نەکات، واتە دۆخەکە بەو شێوەیە نەبوو کە من مافێکی لەو زیاترم هەبێت‌و بۆم هەبووبێت قسە نەکەم، کەچی ئەو کلاشینکۆفێك‌و دەمانچەیەك‌و ئەلبومێکی لەگەڵ خۆیدا هێنابووەوەو ئەوەش دۆخێکی ئێجگار ترسناك‌و ناخۆشی بۆ من هێنابوویە کایەوە. لەبەرئەوەی راهاتن لەگەڵ سەربازییشدا کارێکی ئێجگار زەحمەت بوو، چونکە من کەسێك بووم لە شۆڕشدا بووم‌و پێشمەرگایەتییم کردبوو، کەچی ئێستا ئەوەتا دەبمە سەربازو دەبێت بڕۆم مەشقی سەربازیی بکەمو رەنگە بشمرم. ئەمە دۆخێکی سایکۆلۆژی زۆر زەحمەت بوو.

**لڤین: تۆ لە شاخ بە کاری نووسینەوە خەریک بوویت، کاتێک کە خۆت تەسلیمکردەوە ئەوە هیچ مەترسییەکی بۆ سەر تۆ نەبوو کە بتناسنەوە، چونکە زۆرێک لەو نووسەرانەی لە شاخ بوون‌و دوایی خۆیان تەسلیمکردەوە کاری زۆر خراپیان کردو وتاری ستایشیان بۆ بەعس‌و سەدام‌و شەڕی قادسیەو شتی لەو بابەتە نووسی، دیارە زۆر لەو نوسەرانە پاساو بۆ ئەم کارەیان دەهێننەوەو دەڵێن گەر کاری لەو جۆرەمان نەکردایە داوای ناوی کەسانی تریان دەکرد. سەبارەت بە تۆ دۆخەکە چون بوو ؟**

**مەریوان وریا:** من لەو نووسەرە زۆر بەناوبانگانە نەبووم کە ئەوکات لە ناوەندی رۆشنبیریی ئێمەدا دەیاننووسیو ناوبانگیان هەبوو، من پێش ئەوەی بچمە شاخ تەنها یەك شیعری چوار یان پێنج دێڕییم بڵاوکراوبووەوە، بەهەرحاڵ من کە چوومەوە دەرەوە نووسەر نەبووم، کاتێك چوومە شاخیش نەناسرابووم، لەناو شۆڕشیشدا ئەوانەی دەیاننووسی بەناوی خۆیانە نەیاندەنووسی، لەبەرئەوە بەشێکی زۆری ئەو نووسینانەی دەنووسران کەس نەیدەزانی کێ نووسیونی، لەبەرئەوە من کەسێکی زۆر دیارو نووسەرێکی بەناوبانگ نەبووم هەتا بمناسنەوە. بەڵام نووسەری تر هەبوون ناسراو بوون، کاتێك گەڕانەوە کەوتنە دنیایەکی زۆر جیاوازتر لەوەی لە شاخ تیایدا بوون.

**لڤین: دوای تەسلیمبوونەوەت چیتکرد؟**

**مەریوان وریا:** ساڵێك‌و پێنج مانگ بووم بە سەرباز، ماوەی سەربازییەکەشم بەشێکی لە (حیللە) بووم‌و بەشێکی لە بەغداد، بەشێکی لە موسڵ‌و بەشەکەی تریشی لە دیالەو خانەقین بوو. نزیکەی مانگێکیش لە دەربەندیخان بووم. من پێشتر لە کۆلێژی کارگێڕی‌و ئابووری دووەمی ناو دە یەکەمەکەی کۆلێژی خۆمان بووم، ئەوکاتە یاسایەك دەرچوو بوو (وا بزانم ساڵی ٨٤ یان ٨٥ بوو) یاساکە دەڵێت: ئەوانەی کە دە یەکەمی کۆلێژەکەی خۆیان بوون دەتوانن داوا پێشکەشی خوێندنی باڵا بکەن بۆ خوێندنی ماستەرو بەبێ خزمەتی سەربازییش وەردەگیرێن، من یەکسەر داوام پێشکەشکردو پانزە کەس لە زانکۆی موستەنسرییە وەرگیران‌و منیش یەکێك بووم لەو پانزە کەسە. ساڵی ١٩٨٧ بوومە قوتابی ماستەرو هەتا ساڵی ١٩٨٩ لە بەغداد بووم‌و چیرۆکی مێخەك فرۆشتن‌و بەزمەکانی حەمە عومەر عوسمان‌و زۆر رووداوی تریش هەمووی دەکەوێتە نێوان ئەو دوو مێژووەوە. من ئەو دوو ساڵە قوتابی بووم، کە خوێندنەکەم تەواوکرد بوومەوە بە سەرباز، چونکە قوتابی ماستەر دوای ئەوەی کە ماستەرەکەی بەدەستدەهێنا دەبوایە شەشی مانگی تر سەربازی بکات، بۆ ئەوەی لەو سەربازییەش قوتارت بێت دەبوایە لە شوێنێك دابمەزرێیت (واتە ئەگەر فەرمانی دامەزراندنت لە فەرمانگەیەك یان دامەزراوەیەکەوە بهێنایە یەکسەر تەسریح-یان دەکردیت)، بەڵام لە نەگبەتی ئێمەدا ئەوکاتە سەردەمی دوای کۆتاییهاتنی شەڕی هەشت ساڵەی نێوان عێراق‌و ئێران بوو، عێراق بەهۆی دەرەنجامەکانی شەڕەوە تووشی قەیرانێکی ئابووری زۆر قووڵ هاتبوو، لەوکاتەدا بوو کە هەموو جۆرە دامەزراندنێکیان وەستاندبوو، تەنها لە بواری پەروەردەو فێرکردندا بواری دامەزراندن‌و تەوزیفکردن هەبوو، بەڵام کێشەی ئەمەش لەوەدا بوو ئەگەر بەعسی نەبوویتایە بەهیچ شێوەیەك لە سلکی پەروەردەدا دایاننەدەمەزراندیت، من نەمتوانی تەعین ببم، شەش مانگی سەربازییەکەم تەواو بوو، دوو مانگی تریش هەر بەسەرباز مامەوە، من لە فەسیلێك بووم پێیاندەوت "فصیل الدراسات العلیا" زۆرێك لە هاورێکانم (کە هەموویان عەرەب بوون) بەهۆی ئەوەی کە تەعین بوون، تەسریحیان کردن‌و رۆیشتنەوە بۆ ماڵی خۆیان، من بەتەنها لەو فەسیلەدا مامەوە، ئەوەبوو دواتر خستمیانەوە پاڵ ئەو قوتابیانەی کە تەنها شەهادەی بەکالۆریۆسان هەبوو. ئینجا لەسەروو هەموو ئەمانەوە ئەو شەش مانگەی کە دەبوایە سەرباز بیت بەهیچ جۆرێك بواری گواستنەوەیان نەدەدایت، ئەویش بە پاساوی ئەوەی کە ماوەی سەربازیکردنەکەت کورتە، من دوای ئەو هەشت مانگ سەربازیکردنە سەرلەنوێ فێرارم کرد "هەڵهاتمەوە"و هاتمەوە بۆ ماڵی خۆمان لە هەولێر.

**لڤین: وا بزانم بە ماوەیەکی زۆر کەم پاش ئەوە راپەڕین روویدا، یادەوەری تۆ لە راپەڕیندا چۆنە؟ یان سەرەتاکانی راپەڕینت چۆن بەڕێکردو لەکوێ بوویت؟ هیچ بەشدارییەکت لە راپەڕینەکەدا هەبوو؟**

**مەریوان وریا:** نازانم ماوەی فێرارییەکەم چەندی پێچوو کە راپەڕین روویدا، واتە هەتا هەڵگیرسانی راپەڕینەکەش هەر بە هەڵهاتوویی مامەوە. لەکاتی شەڕی کەنداوی دووەمدا بوو، واتە پێش راپەڕینەکە، حکومەت لێبوردنێکی گشتی دەرکرد بۆماوەی یەك هەفتە، من ئەوەم بەهەلێکی باش زانی‌و لە هەولێرەوە بەرەو سلێمانی بەرێکەوتم، بە سوود وەرگرتن لەو لێبووردنە هاتمە دەر، چونکە من هیچ کاغەزو ناسنامەو شتی لەو بابەتەم نەبوو، پێش ئەوەی بگەمە سلێمانی لە کەرکوك لامداو لەماڵی

نەوزادو ئـازاد ئەحمـەد ئەسـوەد مامـەوە، ئـەو شەوە لـەماڵی ئەو دوو هاوڕێیەم بووم، براکانی نەوزاد هەموویان لـەناو ڕێکخـستنە مارکـسییە توندڕەوەکانی ئێرەدا بوون، واتـە کۆمۆنیـست بوون، ئەو شەوە ئەوان باسی ڕاپەڕینو قومبەلـە هێنانو قومبەلـە بـردنو شـتی لـەو بابەتـەیان دەکرد، لەبەرئەوەی من فیرابوو ئاگام لـەهیچ نەبوو، جاری وا هـەبوو بـە مـانگ لـە مـاڵی خۆمان نەدەچـوومە دەرەوە، بۆیـە ئاگـام لـەم کەینو بەینە نەبووو نەمدەزانی لـەدەرەوە چـی هەیەو چی نییەو خەڵکی خەریکی چین، کاتێك ئـەوان باسـی ڕاپـەڕینو شـتی لـەو بابەتـەیان دەکرد زۆر بەجـدی وەرمنـەدەگرتو گاڵتـەم پێدەهات، من لەو باوەڕەدا نەبووم بەو زوویە ڕاپەڕین ڕوودات. ئەوان باسی ئەوەیان دەکرد کە قومبەلەیان هێنـاوە بـۆ فـلان شـوێنو هـی تریان بردووە بۆ فلان شـوێن، هـەروەها باسـی چـەكو تەقەمـەنیو زۆر شـتی تریـان دەکـرد. بەیانییەکـەی مـن لـەماڵی ئەوانـەوە بـەرەو سلێمانی بەڕێکەوتم. لەڕێگە زۆر شـتی سـەیرم بینی، یەکەم شـت ئـەوەبوو لـە سـەیتەرەکەی کـەرکوك ڕایـانگرتینو نەیاندەهێـشت هـیچ کەسێك بڕواتو بێت، چـەند هێلیکۆپتـەرێکی سـەربازی کـە پێـشتر بـەرەو سـلێمانی ڕۆیشتبوون؛ گەڕانەوە، من تـەنها گەڕانـەوەی هێلیکۆپتـەرەکانم بینـی، کـە هەلیکۆپتـەرەکان گەڕانـەوە ئینجـا لـە بازگەکـە ڕێگـەیان دا ئۆتۆمبێلو خەڵکەکە بڕۆن. من لەناو یەکێك لە ئۆتۆمبێلەکاندا بووم، کە بەرەو سلێمانی هـاتین لەو ئۆردووگایەی ئەو دیـو بازیانـدا شـەڕێکی قورس بـوو، ئەمـە ڕۆژی ٦/٣/ ١٩٩١ بـوو، چونکە ٣/٧ لە سلێمانی ڕاپەڕین ڕوویدا، لەو ئۆردووگایـە خـەڵکی بـە جلـی کوردییـەوە دەهاتنو دەچوونو کلاشینکۆفیان بەدەسـتەوە بـووو ڕایاندەوەشـاند، ئێمـەش کـە لـەناو ئۆتۆمبێلەکـەدا بـووین نەمانـدەزانی چـی ڕوودەدات، نەماندەزانی ئەوانە جاشـن، یـاخود پێشمەرگەن؟! نەماندەزانی بـۆ وادەکـەن، چـی ڕوویداوە! کە گەیشتینە سەیتەرەکەی سلێمانی تەماشادەکەین سەیتەرەکەی ئێرە نـــــەماوەو ڕووخاندوویانەو ئاگریشیان تێبەردراوە، دەبینین نە سەربازی لێیەو نە هیچ شـتێکی تـر، دواتـر هەرچـۆنێك بـوو هاتینـە نـاو سـلێمانی، بینـیم سلێمانی وەزعی زۆر شـلۆق بـوو، حکومـەت هـــەموو ســـەربازو هێزەکـــەی خـــۆی کۆکردبـووەوەو لـەناو زیلـی سـەربازیی بـە سـلێمانییدا دەیگێـڕان، ئەمـەش وەك نمایـشێك وابـوو، هـەروەها بـۆ ئـەوە بـوو کـە بڵێـت: ئائێستاش هەر لێرە ماوم. هـەموو ئـەو هێـزەی بەعس کە من بینیم تەنها هـەر بیـست زیلێـك دەبوو، من یەکسەر ڕۆیشتم بـۆ مـاڵی بـەختیار عەلی، ماوەیەکی زۆر دەبوو بەختیارم نەدیبوو،

## ئەو ڕۆژەی تەسلیم بوومەوە بە ڕژێم، هەتا بەیانی خەوم لێنەکەوت و گریام

بەختیار دەسـتبەجێ پرسـیاریکرد: ئـەوە چـۆن هاتوویت؟ منیش هەموو شتەکانم بۆ گێڕایـەوە. ماڵەوەیان پرسیاریان کـرد: ئـەوە دەنگوبـاس چـییەو وەزع زۆر لـە شـلۆق دەچـێت؟ مـن ئەوەی لـەڕێگەدا بینیبـووم بـۆم گێڕانـەوەو وتم ئەوەم بینیوە. ئـەوانیش وتیـان: وەڵـلا لێـرەش دەنگۆی ئەوە هەیە بەیانی ڕاپەڕین ڕووبـداتو دۆخەکە بتەقێتەوە. نانی ئێوارەمان خوارد، شەو کوڕێـك هـات بـۆ مـاڵی بـەختیار، دیـار بـوو هاوڕێی بەختیار بوو، ئـەو کـوڕە وتـی: بـەیانی ڕاپەڕینە. دیاربوو کوڕەکە منی دەناسـی، بـەڵام من کەمتر ئەوم دەناسـی، وتـی: زۆرباشـە کـە تۆش لێرەیت، بەیانی تۆو کاك بـەختیار هێـرش دەکەنە سەر پەیمانگـەی تـەکنیکیو دەیگـرنو ڕۆنیۆو تابیعەکە دەهێنن بـۆ ئێـرە (پێکـەنینێکی زۆر) ئێمەش وتمان زۆرباشە. کوڕەکە وتی: من دەڕۆمو ئێـــــوە چـــــاوەڕێبکەن هـــــەتا دەمانچەیەکیشتان بۆ دەهێـنم. شـەوەکەی زۆر چاوەڕێمان کرد بـەڵام نەهاتـەوە. بەیانییەکـەی نزیکـەی کاتـژمێر ٦:٣٠ بـۆ ٧ لای مـاڵی بەختیارەوە بوو بە تەقە، منو بەختیار یەکـسەر هاتینە دەرەوەو بەرەو ئـەو شوێنەرۆیـشتین کـە بۆیان دانابووین (واتـە پەیمانگـەی تـەکنیکیی). هاتین بەرەو خوار (ماڵی بەختیار عەلی لە بـرایم پاشـا بـوو لای سـەدەکە)، بینیمـان "منظمـة الحطـين" گیرابـوو، سـووتاندبوویانو چـرە دوکەڵی لێهەڵدەستا، دواتـر بـۆ لای زانکـۆی سـلێمانی داگـەڕاین، ئـەو نـاوەش هـیچ سەربازێکی لێنەبوو، بەڵام کاتێك بە ئاراستەی مامۆستایان ڕۆیشتین دەنگی تەقـەکردنێکی زۆر زۆر دەهات، دەنگی تەقـەی دۆشـکەو چـەکە قورسەکانی تر، بۆیە نەمانتوانی بـڕۆین بـۆ لای پەیمانگەکەو گەڕاینەوە بۆ لای "منظمة الحطين" و لـەوێوە بە جادەی سـجندا بـەرەو خـوارەوە ڕۆیـشتین، کـــە تەماشـــامانکرد ســـجنەکە شکێنراوە، لەبەردەمی سجندا لاشەی کەسێکی کوژراو کەوتبووو ناودەمی پڕکرابـوو لـە ٢٥ دیناری عێراقیی، خەڵکمان دەبینی بە چاکەتو بیجامەوە لـە سجنەکە دەهاتنە دەرەوەو بـەتانی لـە بـن دەسـتیاندا بـووو دەرۆیـشتنو دیـاربوو زینـدانیی بـوون، خـەڵکی تریـشمان بینـی دەرۆیشتنە ناو سجنەکەوەو شـتیان دەردەهێنـا، کاغەزو موبەریـدەو شـتی لـەو بابەتـە. دواتـر بـەرەو خـوارتر ڕۆیـشتین، بینیمـان بـەردەرکی سـەراش ڕزگـارکراوە، لەبـەردەرکی سـەرا پیاوێکیـان کوشـتبووو هەڵیانواسـبوو "وابـزانم مفەوەز شەماڵ بوو"، چووینە خـوارترو لـەوێوە بەرەو حەسیب ساڵح چووین، لەسەر حەسـیب ساڵحەوە تەقـە دەکـرا، بـەڵام کاتێـك ئێمـە گەیـشتینە ئـەوێ ئـەوێش ڕزگـارکرا، دواتـر ڕۆیـشتینو مـنو بـەختیار گەیـشتینە بـەردەمی مۆزەخانـەی سـلێمانی، لەبـەردەمی مۆزەخانـە کوڕێك وەستابوو، ئـەو کـوڕە بـە دەمامکێـك دەموچاوی داپۆشیبوو، هات بۆ لامان، دیاربوو ئـەو هـەردووکمانی دەناسـی، وتـی: ئـەوە چیدەکەن؟ وتمان: هاتووینەتە دەرەوە بـۆ ئێـرە،

کوڕکە کلاشینکۆفێکی دا بە منو بەختیارو وتی لێرەبنو مەهێڵن خەڵك ئەم مۆزەخانەیە تاڵان بکات، ئێمەش لەبەردەمی مۆزەخانەکەدا وەستاین، کلاشینکۆفەکەمان پێبوو، بەڵام خەڵك لە ئێمە نەدەترسان (پێکەنین) مۆزەخانەکە دوو دەرگای هەبوو، دەرگایەکیان ئەوە بوو منو بەختیاری لێبووین، دەرگایەکی تریشی لەولاوە هەبوو، لەبەردەمی ئەو دەرگایەدا پیاوێك بە تێلایەکەوە وەستابوو، ئەو پیاوە بە تێلاکەی لە یەك دوو کەسی داو نەیهێشت بچنە ژوورەوە. نزیکەی یەك یان دوو کاتژمێر لەوێدا وەستاینو دواتر کوڕەکە هاتەوە، کلاشینکۆفەکەمان پێدایەوەو ڕۆیشتین بچین بۆ ماڵی مامۆستا شێرزاد حەسەن، لەماڵی مامۆستا شێرزاد پێشمەرگەیەکی لێبوو دیاربوو کە تازە هاتبووەوە ناو شار، ئەو پێشمەرگەیە وتی: زۆر کەمی ماوەو چەند کاتژمێرێکی تر شار رزگاردەکەین.

دواتر لەماڵی مامۆستا شێرزاد هاتینە دەرەوەو گەڕاینەوە بۆ ماڵی بەختیار. شەو لە ماڵی بەختیار بووم، منو بەختیار بڕیارماندا گۆڤارێك دەربکەین، ئەو گۆڤاری ئازادی-یەی دواتر دەرچوو ئەو شەوە بڕیارماندا دەریبکەین. ئەو شەوە شەوێکی زۆر ناخۆش بوو، یەکێکە لە شەوە هەرە ناخۆشەکانی ژیانی من، بەڵام نازانم بۆ بەختیاریش هەر وایە یان نا. شەو تەقەیەکی زۆرزۆر بوو، تەقەکەش بەرگری بەعسییەکان بوو لە ئەمنە سوورەکە، بەڵام خەڵك ئەوەی نەدەزانی، زۆرێك گومانیان وابوو کە ئەوە بەعسە گەڕاوەتەوە، بەتایبەتی ماڵی بەختیار دوور بوو لە ئەمنە سوورەکەوە هەربۆیە نەماندەزانی ئەوە بەعسە گەڕاوەتەوە یان نا، نەماندەزانی شەڕی کێیە لەگەڵ کێ، نەماندەزانی ئەو هەموو تەقانە بۆ دەکرێت؟ ئەو پێشمەرگەیەی لەماڵی مامۆستا شێرزاد حەسەن بوو بە ئێمەی وت چەند سەعاتێکی تر هەموو شار رزگاردەکەین، بەڵام ئەی کوا بۆ وا نەبوو؟ دەیان پرسیاری تری لەو جۆرەمان لە خۆمان دەکرد، ئێمە لەو خەیاڵاتانەدا بووین کە لە دەرگای ماڵی بەختیاریان دا، کوڕێك بوو وتی: کاك بەختیار ئێمە برادەرێکمان لەکاتی هێرشکردنە سەر ئەمنە سوورەکە شەهید بووە، دەکرێ لاشەکەی بێنینە ماڵی ئێوەو لە باخەکەتاندا داینێین هەتا بەیانی، منو بەختیارو کاك عەلی باوکی بەختیاریش لەوێدا بووین، کاك عەلی کوڕەکەی نەدەناسی، بەڵام بەختیار دەیناسی، باوکی بەختیار وتی: ئەرێ کاکە چۆن دەبێت لاشەی کەسێك لە باخچەیەکدا دابنرێت، دواتر وتی: چۆن دەبێت لاشەی کوژراوێك بهێنن بۆ ماڵەکەی من، دواتر پرسی ئەو هەموو تەقەیە چییە؟ حکومەتە لەگەڵ پێشمەرگەدا؟ حکومەتە گەڕاوەتەوە؟ دواتر وتی ئەی ئەگەر سبەینێ دایكو باوکی هاتنو وتیان ئەم مەیتە چی دەکات لێرە من چییان وەڵامبدەمەوە؟ ئەگەر لاشەی ئەو شەهیدەیان لە باخچەکەی ماڵی بەختیاردا دابنایە دۆخێکی زۆر سەیر دەبوو، کوژراوێك لەو باخچەیەدا دانراوە کە نایناسی، نازانیت کێیە، نازانی بۆ کوژراوەو کێ کوشتوویەتی! لەسەرێکەوە نەماندەویست لێرە داینێین، لەسەرێکی ترەوە دەمانوت: ئەو کوڕە لە هێرشکردنە سەر ئەمنە سوورەکەدا کوژراوەو ئەوە لاشەی کەسێکی شەهیدە دەبێت ئاگاداری بین، لەلایەکەوە هەستماندەکرد کە لەوانەیە ئەمە گەورەترین کێشەمان بۆ دروستبکات، لەسەرێکی ترەوە وامان هەستدەکرد گەر هەڵوێستێکی باشی لەبەرامبەردا وەرنەگرین لەوانەیە هەموو ژیانمان لە خۆمان خۆشنەبین، لەوەدا تیامابووینو نەماندەزانی چی بکەین.

باوکی بەختیار وتی: لەم نزیکانە مزگەوتێکی لێیە باشترین شت ئەوەیە بڕۆن لەوێ داینێن، مزگەوت شوێنی لاشەی مردووەو هەر لەوێش دەشۆرێت، ئیتر کوڕەکە ڕۆیشتو نازانین دوایی ئەو لاشەیە چی بەسەر هات. منو بەختیار هەتا نزیکەی بەیانی مشتومڕمان بوو لەسەر ئەوەی کە ئایا راست بوو ئێمە ئەو کوڕەمان نارد بۆ ئەو مزگەوتە، یان دەبوایە قبوڵمان بکردایەو بیانهێنایە بۆ ناو باخچەکەو بەدیارییەوە بووینایە هەتا بەیانی، تا بەیانی خەومان لێنەکەوتو هەر مشتومڕمان بوو لەسەر چارەنووسی ئەو کوڕە کوژراوە.

**لڤین: دوای ئەو شەوە چیتان بەسەر هاتو چۆن بۆتان روونبوویەوە کە سلێمانی بە تەواوەتی ئازادکراوە؟**

**مەریوان وریا:** ڕۆژی دوای ئەوە بوو ئەمنە سوورەکە گیراو ئەو وەختە ئێمە لەماڵی مامۆستا شێرزاد بووین، دوای ئەوەی ئەمنە سوورەکە گیرا، منو بەختیارو مامۆستا شێرزادو هەورامان-ی برام پێکەوە چووین بۆ ناو بینایەی ئەمنە سوورەکە، ئەو هەموو کوژراوو خوێنەمان بینی، ئەو ڕۆژە بارانیش دەباری، کاتێك چووینە ناو حەوشەی بیناکە بینیمان خوێنەکە تێکەڵ بە بارانەکە بووبوو، مۆخی هەندێك لە کوژراوەکان کە سەریان پان کرابووەوە تێکەڵ بە باراناوەکە بووبوو و باراناوەکە دەیبردن، من کە ئەوەم بینی خەریك بوو بڕشێمەوە، هەورامانی برام بەختیارو مامۆستاشێرزاد چووبوونە ژوورەوە، هەر لەوێدا یەك گرد بە لاشەی ئەمنە کوژراوەکان دروستکرابوو، من نەچوومە ژوورەوە، بەختیارو ئەوانیش کە ئەوەی ژوورەوەیان بینیبوو نەیانتوانیبوو بەردەوام بنو هاتنە دەرەوەو دواتر هەموومان ئەوێمان بەجێهێشت، چونکە توانای تەحەمولی ئەو دیمەنەمان نەدەکرد. دواتر لەناوخۆماندا باسی ئەو دۆخەمان کرد، هەموومان کۆکبووین لەسەر ئەوەی ئەمە توندوتیژییەکی زۆر مەترسیدارەو ئەم شێوازی کوشتنو بەزاندنی هەموو سنوورەکان دۆخێکی ترسناکە، بەڵام لەهەمانکاتدا، بۆچوونمان وابوو کە ئەمانە ئەوەندە ناشرینییان بەرامبەر خەڵکی کردووە، ئەوەندە ناشرینییان بەرامبەر بە مێژووو مرۆڤەکانی ئێمە کردوو کە شایستەی مردنن، بەڵام شێوازی مردنەکەیان شێوازێك بوو هەموو سنوورێکی بەزاندبوو، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەو چرکەساتە چرکەساتی رەخنەگرتن نەبوو لە ڕاپەڕین.

**لڤین: ئەو ڕۆژە واتە یەکەم ڕۆژی ڕاپەڕین چۆن هەستێکت هەبوو، دڵخۆش بوویت یان نا؟ دەترسایت یان ئومێدەوار بوویت؟**

**کەمێک لەبارەی هەستەکانتەوە لەو رۆژانەی سەرەتای راپەڕینەکەدا بدوێ؟**

**مەریوان وریا:** من زۆرزۆر خۆشحاڵ بووم، بەشێوەیەك خۆشحاڵ بووم ناشیرینییەکانی کوشتن‌و بڕینی ئەو چەند رۆژەم نەبینی، ئەو هەموو خوێنڕشتن‌و توندوتیژییەی لەهەناوی ئەو کۆمەڵگەیەوە هاتە دەر، لەبەر خۆشحاڵییم بەو رۆژە ئەو هەموو پەلاماردان‌و تێکدانەی لاشەی مردووەکانم هەستپێنەکرد، ئەو راپەڕینە جۆرێك

> **هەر لەو سەرەتایانەی راپەڕیندا بوو پیاوێکم بینی موبەڕیدەیەکی خستبووە سەرپشتی، بەجۆرێك کۆمابووەوە خەریکبوو سنگی دەیدا لە زەوی، من حەپەسابووم و دەمپرسی ئەو مرۆڤە ئەو هەموو هێزەی لەکوێوە هێناوە**

لە توندوتیژیی‌و سنووربەزاندنی تیا بوو، دواتر کە دۆخەکە هێمن بووەوەو لە دوورابییەکی دیاریکراوەوە تەماشامکرد، بۆمدەرکەوت ئەو هەموو خوێنڕشتن‌و سنووربەزاندنە هێزێکی ترسناکە لەهەناوی ئەم کۆمەڵگەیەدا. بەڵام لە ساتەوەختی راپەڕیندا مەسەلەی رزگاربوون‌و ئازادی لە چنگی بەعس‌و شکانی ترسی خەڵك‌و هاتنە سەرجادەیان هێندە بەلامەوە گەورە بوو شتە ناشرینەکانی ئەو چرکەساتانەم نەدەبینی، ئەوەی بەلای منەوە گرنگ بوو ئەوە بوو کە خوێنێکی تەواو تازە بە جەستەی مرۆڤی ئێمەو کۆمەڵگەی ئێمەدا دەگەڕێت. من رۆمانسییەتی ئەو خوێن‌و وزە تازەیەی هاتۆتە ناو کۆمەڵگەی ئێمەوە لەگەڵ خۆیدا بردمی‌و نەیهێشت ساتەوەختە ناشرینەکان لە شوێن‌و کاتی خۆیدا ببینم.

**لڤین: کە بیر لەو رووداوانە دەکەمەوە دەڵێی رۆمانێک یان شیعرێکی سوریالیی دەخوێنمەوە، پیاوێک لەوێدا کەوتووە دەمی پڕکراوە لە پارە، شەو کوژراوێک دەهێننەوە بۆ ئەوەی تا بەیانی لات بێت، پیاوێک بە تێڵاوە پارێزگاری لە مۆزەخانەیەک دەکات، زۆر شتی تریش کە من خۆم کاتێک منداڵ بووم لە دەمی راپەڕینەکە لە سلێمانی بینیم؟**

**مەریوان وریا:** راپەڕین دۆخێك بوو هەموو شتەکان ماناکانی خۆیان لەدەستدا بووو مانای تازەیان وەردەگرت، بۆ نموونە: هەموو رەمزەکانی دەسەڵاتی بەعس لەو دۆخەدا بووبوونە رەمزی ئازادی، ئەو موسەللەحانەی کە جاران دەکەوتنە وێزەی خەڵك‌و خەڵکیان تێفڕێدەدان‌و تەرمی پێشمەرگی شەهیدو خەڵکی تریان بەدوادا رادەکێشا، پڕبووبوون لە خەڵك‌و هاواریان دەکردو گۆرانییان دەوت، هەر موسەللەحەیەك پەنجا شەست کەسی پێوەبوو. سەیارەیەکی نەجدەی عەسکەرییم بینی ئەوەندەی خەڵك تیابوو بەهەموو ژیانم سەیارەم نەبینیوە ئەوەندە خەڵکی تیابێت، بیست کەس چووبوونە ناو ئەو نەجدە بچوکەوە، لە سەقفەکەیدا، لە سنوقەکەی دواوەیدا، لە ناوەوەیدا بوون، وەك وتم هەموو شتەکان دوای چرکەساتی راپەڕین ماناکانی خۆیان لەدەستدا، هەموو شتەکان لە پرۆسەی سەرلەنوێ دروستبوونەوەو ماناوەرگرتنەوەدا بوون، یەکێك لەو ڕستانەی کە لەوکاتەدا بە بەختیارم وت ئەوە بوو "ئەمە گەورەترین گۆڕانە کە لە دنیای ئێمەدا ڕوودەدات، هیچ شتێك دوای ئەم رووداوە وەکو خۆی نامێنێتەوەو هەموو شتەکان دەگۆڕێن، ئەوەتا ئەو گۆڕانەش لەمەوە دەستپێدەکات کە هەموو رەمزەکانی دەسەڵات بوونەتە رەمزی ئازادی خەڵك". کاردانەوەی من لەو کاتەدا ئەو ڕستەیە بوو، چونکە رووداوەکە ژێرەو ژووربوونەوەیەکی ئێجگار گەورە بوو. هەر لەو سەرەتایانەی راپەڕیندا بوو پیاوێکم بینی موبەڕیدەیەکی خستبووە سەرپشتی، بەجۆرێك کۆمابووەوە خەریکبوو سنگی دەیدا لە زەوی، من حەپەسابووم‌و دەمپرسی ئەو مرۆڤە ئەو هەموو هێزەی لەکوێوە هێناوە تا ئەو شتە قەبەو زەبەلاحەی پێ کۆڵ بکات. من لەوکاتەدا وا راڤەم دەکرد کە ئەوە راپەڕینە ئەو هێزە زۆرەی داوە بەو پیاوە. ساتێکی هێندە مەلحەمی "داستنئامێز" بوو هەموو شتێك بووبوو بە جۆرێك لە ئەفسانە، تەنانەت شتە سادەکانیش رەهەندێکی ئەفسانەییان وەرگرتبوو. وەك پێشتر وتم ئەو دۆخە ئەفسانەییە وایکردبوو ئەو ناشیرنییانە نەبینین کە روویاندەدا. بەڵام نابێت بیرمان بچێت ئەو توندوتیژییەی لە راپەڕیندا روویدا دواتر بووە ئەو توندوتیژییەی لە شەڕی ناوخۆدا گوزارشتی لەخۆی کرد..

**لڤین: ئەو وێنانە تا ئێستا لە هیچ تێکست‌و دەقێکی ئەدەبییدا تەوزیفنەکراونەتەوە، ئەی خۆت وەک نووسەرێک هیچ هەوڵتنەداوە کە ئەو چرکەساتە زۆر دەگمەن‌و ئەفسانەییانە تەوزیف بکەیتەوە؟ یان لە دەرەوەی خۆت هیچ هەوڵێکی وات بەرچاوکەوتووە؟**

**مەریوان وریا:** من تائێستا تێکستێکی ئەدەبییم نەخوێندۆتەوە لە راپەڕین بدوێت، هیچ دەقێك نییە لەسەرێکەوە ئەو رووکارە داستانئامێزەی ئەو چرکەساتە بەرجەستە بکات کە باسمکرد، لەسەرێکی تریشەوە ئەو مەترسیی‌و هەڕەشە نادیارانە بەرجەستەبکات کە لەو چرکەساتە داستانئامێزەدا ئامادەبوون‌و نەدەبینران. من باوەڕم وایە تائێستا تێکستی راپەڕین نەنووسراوە، وە من خۆشم بیرم لێنەکردۆتەوە بینووسم. بەڵام هیوادارم نووسەرێك پەیدا ببێت بتوانێت رۆحی ئەو چرکەساتە بکاتە تێکستێکی ئەدەبیی.